# ڕۆڵی ئینته رنێت له بڵاو کردنه وه(بۆ یادی کۆمه ڵه)

ڕۆژی10-6- 1984 بۆ یادی 14 ساڵه ی ( کۆمه ڵه ی ڕه نجده رانی کوردستان) ، من وه ك نوێنه ری که رته که مان داوه تی ئه و ئاهه نگه کرابووم که ( که رتی ڕێکخستنی پێنجوێن) له گووندی( گوورگه یه ر) ئاماده ی کردبوو.بۆ ئه و یاده من بابه تێکم نووسی بوو که به لای خۆمه وه (هۆنراوه) بوو. دوای چه ندین جار تاوتوێ کردن له سه ری...... ناخم له سه ر دوا نووسینی ئۆقره ی گرت، که تا ئێستاش دێڕه سه ره تاییه کانم له بیر نه چۆته وه:

ئه ی کۆمه ڵه
ئه ی تاقه گۆرانی سه ر زاری منداڵان
ئه ی بینایی چاوی ڕه نجده ران
وا ئیمڕۆ له ته مه نی 14 ساڵ له دایك بوون و نوێ ژیان
بوویته ئه و تارماییه ی
ساتێك له ڕه نجده ران دوور ناکه ویته وه
خه م وکڵۆڵی هه ژارانی کوردستانه وا به کۆڵته وه
له ڕۆژانی کاری نهێنی وتێکه ڵاوی سه رده مدا
قوتابخانه ئاسا........................ .

کاتێك خۆم ده گۆڕی و داوام کرد پێشمه رگه یه ك که ناوی ( فازیل) بوو له گه ڵ خۆم به رم، تووشی کێشه یه ك بووم له گه ڵ فه رمانده ی که رته که م، نه چووم بۆ ئاهه نگه که.

دواتر کاتێك ( کاك حامیدی حاجی قادر ) که ئه ندام که رت بوو، بۆ کۆبوونه وه ده چوو بۆ سه رکردایه تی، من بابه ته که ی (هۆنراوه..؟) خۆم دایه، تا بیبات بۆ( نووسه ری کوردستان) که له شاخ ده رده چوو.

کاك حامید به ڵێنی ئه وه ی دامێ گه ر توانی بیگه یه نێت ، گه ر نا بۆم بێنێته وه.

داوی ماوه یه ك که من ماوه یه ك له ( گووندی کاژاو) بووم ، خه یاڵی ئه وه م که وته سه ر خۆم بۆ نه چم ، دوو براده ری ( فیرار) که له وگونده ده ژیان، هاتن له گه ڵم ، ئه وان وه ك گه ڕانێك ( که بێزار بووبوون) له ژیانی خۆیان.

ئه وکاته( یه کێتی نووسه رانی کوردستان) ، گه ر هه ڵه نه بم له ده وروبه ری مه رگه بوو. له ( کاژاو) ی شاربازێره وه بۆ (مه رگه) به پێ چوار ڕۆژ زۆرتر ده بوو.

من خۆم وه ك خولیا شه یدای ناتووری ( گووند)م ، بۆیه گه ڕانه که ش به لای منه وه زۆر خۆش بوو. کاتێك له سه رکردایه تی ، چاوم به (کاك حامید)که وت نه ی توانیبوو نوسراوه که ی من بگه یه نێت ، لێم وه رگرته وه و خۆم بردم بۆ یه کێتی نووسه ران دامه ده ست ( کاك حه مه موکری) ، ووتی باشه ، به ڵام من ووتم براده رێك ناردوویه تی

( شه رمم کرد بڵێم خۆم نووسیومه) ، ئێمه ده گه ڕێینه وه بۆ شاربازێر گه ر ده توانن وه ڵامه که یمان بۆ بنووسنه وه. ووتی دانیشن . دوای خوێندنه وه نامه یه کی نووسی که تا ئێستاش دێڕی یه که میم وه ك خۆی بیر ماوه:( ئه مه شێعر نیه ،زمانی په خشانه ، بۆ بڵاو کردنه وه ناشێت ،..... کۆمه ڵێك هاندان و ئامۆژگاری ئه ده بی تیابوو که ده بێت زۆر بخوێنێته وه....).
هه ڵبه ت من له ناخی خۆمدا زۆرم خه فه ت پێ خوراد، به ڵام لای هاوڕێکان( بێستوون و یوسف) نه مدرکاند.
ئه وه ی له و چوونه 10 ڕۆژی یه سوودمه ند بووم( جگه له وه ی من گه ڕانی لادێ وه ك خۆراکی گیان و ده روونم وایه و وه ك ئاشقی سۆفی بۆ شێخه که ی) ، 2 شه و خه وتن بوو له چوون و هاتنه وه لای ( کۆمه ڵه ی یه کسانی کوردستان) له گووندی مالومه.
که ته نها 2 پێشمه رگه ی کوردستانی ڕۆژهه ڵات بوون. به رپرسه که یان (کاك عه به که پێم وایه شه هید بوو) له گه ڵ پێشمه رگه یه ك وابزانم(کاوه) ی ناوبوو. یه که م شه و که مامۆستای گوونده که ( مامۆستائه حمه د) هات تا دره نگێك دا نیشت ، من وام هه ست کرد که ئه وان بانگیان کردووه تا بزانن ئێمه ده ناسێت. باش بوو من ئه وم ناسی.
کۆمه ڵه ی یه کسانی کوردستان ، له ڕووی ئایدۆلۆژیه وه ڕێك وه ك کۆمه ڵه ی ڕه نجده رانی کوردستان بیریان ده کرده وه ( کوردستانی بوون نه ك ئێرانی).
ئه وان کۆمه ڵێك په ڕاو و نامیلکه ی ( مارکس و ئه نگڵس و لینین) یان به به رگ و شێوازی جوان ( به کوردی) چاپ کردبوو. (50 - 70) دانه په راویان دامێ وه ك دیاری بیگه یه نمه ڕێکخراوی سلێمانی( کۆمه ڵه) له گه ڵ نامه یه ك که من بۆ پاراستنی له پزووی شه ڕواڵه که مدا شاردبوومه وه . به ڵێنیشم دا له گه ڵ ( کاوه) له سلێمانی له به رده م ( چاپخانه ی شه عبدا) یه کتر ببینین . به داخه وه من له بیرم چوو که نامه که م شاردۆته وه بۆیه له شتندا فه وتا . دوای ئه وه ی په ڕاوه کانم گه یانده ڕێکخروای سلێمانی ( وه ستا تۆفیق) ، من (کاوه) م دی وه ك ڕێکه وتوبوین گه رچی زۆرم هه وڵدا بیبه مه وه ماڵی خۆمان نه هات ( وام هه ست کرد متمانه ی نه بوو پێم ده ترسا).
ساڵی 1984 کۆمه ڵه له قه یرانێکدا بوو که له دوو شێوازی و بۆچوونی ئایدۆلۆژی خه ست بووبوه که به ( کوردستانی ، عێراقچی) ناسرا. من گه رچی هه واداری(ئاش) بووم پێشتر به ڵام دواتر زۆر په یوه ستی بیری ( کوردستانیانه ) بووم به ئێستاشه وه........... .
نامیلکه یه کم(..؟) نووسی هه مان ساڵ به ناوی (ڕووداوه کان واقیعانه ی حاڵ ده خه نه ڕوو) ، ئه وه نده ی له بیرمه من نووسیبووم( کێشه ی نه ته وایه تی) کێشه ی پارت و ووڵاته سۆسیالیسته کانه ، ئه وه نده کێشه ی پارت و ووڵاته سه رمایه داره کان نیه ، بۆ ئه مه ش ( سوریا و لیبیا) م به نموونه هێنابوه وه که دوو ووڵاتی سه ر ( به ره ی سۆسیالیست و ڕۆژهه ڵاتن) له هه موو ووڵاته عه ره بیه کانی تر پشتگیری مه سه له ی ( نه ته وایه تی فه له ستین) ده که ن.
من ئه م بابه ته شم جارێکی تر دایه وه به(کاك حامید)به ڵام ئه م جاره به ڕۆنیۆکه ی که رتی ڕێکخستن بۆم چاپ بکه ن. به ڵام هه مان چانسی (هۆنراوه) که ی هه بوو .

دواتر چیرۆکێکم نووسی کە ئە ویش لە ژێر کاریگە ری  ململانێی ناو کۆمە لّە دا بوو .
ئاوا دە ستم پێکردبوو: خە و زنجیرێکە کراوە تە دە ست و قاچت ..ساردی کزە باکە بۆ ساتێك خە وی لە چاوت تۆراند.. پە تۆکە لە ژێر قاچت گرمۆلّە بووبوو ..یە کت کردە وە چویتە ژێری خە وێکی قوولّ باوە شی بۆ کردیتە وە..........
دواتر باسی قلّیشانە وە یە کی سلێمانیم کردبوو کە ( قوە خاسە یە ك) تە قە دە کات و ئالّتوونچیە ك و کرێکارێك بە یە کە وە دە کوژێت.
بە لّام ئە مجارە یان وە ك جارانم نە کرد ئە و چیرۆکە م پیشانی کە س نە دا بە لّام خۆم زوو زوو دە م خوێندە وە.
سالّی 1988 یش کۆمە لّێکی زۆر نوکتە و قسە ی نە ستە قم کۆکردە وە، زۆر ماندووبووم پێوە ی، چونکە هە موو بە رگە کانی( ڕشتە ی مرواری و چە ند پە ڕاوێکی ترم ) بە راوورد دە کرد تا دووبارە نە بن و بلّێن ( کۆپی کردنە) .
خۆم زۆر ئارە زووی( نوکتە و گێڕانە وە ی بە سە رهاتی کۆمێدی) م ،بۆیە ژمارە یە کی زۆرم کۆکردووە وە ، بە 3 کۆپیە نووووسی بوومە وە. چونکە دە زگای ڕۆشنبیری کوردی 2 کۆپیە یان دە وییست ئە مجارە هە ستام بردم بۆ( بە غدا) لە و دە ستگایە دامنا . پاش ماوە یە ك  لە خوێندن دابڕام  و ( بە فیراری)  نە متوانی سۆراخی بکە م .
ئێستاش کە سە ردە می کۆمپیوتە ر و ئینتە رنێتە . هە موو کە سێك دە توانێت بە ئاسانی بنووسێت و نە ك وە ك ئە م چیرۆکە ی گێڕامە وە،دە توانن تە نها بە چرکە یە ك بۆ شوێنی مە بە ست بگە یە نرێت و بە یانیش کە هە ستای , خۆت یە کە م کە س بیخوێنیتە وە.
چە ند ئینتە رنێت جیهانێکی (پێشکە ووتووە و خێرا) یە ئاواش (هە ندێك) لە سایتە کوردی یە کان بە ئاسانی و(خێرا) بێ سانسۆر هە موو بابە تێك بلّاو دە کە نە وە.
با هە موو بنووسین بە لای منە وە ئە مە ( کێشە ) نی یە ، چونکە هە مووما ن دە توانین ئە وە بخوێنینە وە ( کە دە مانە وێت بیخوێنینە وە).
جیهانی گلۆبالّیزم جیهانی سانسۆر وکۆنترۆلّ نی یە، ئینتە رنێتیش یە کێك لە سیما و دیاردە ئاشکراکانی بە جیهانی بوونە.

شێرزاد خە راجیانی